رەزا شــوان

# سرووودی من

چاپی دووەم



ڕەزا شــوان

# سروودی من

هۆنراوە

بۆ منداڵان

2017

ناوی کتێب : سروودی مـن

بابەت :هۆنراوە بۆ منداڵان

نووسەر : رەزا شـوان

دیزاین : رؤى للطباعة والنشر

چاپ : رؤى للطباعة والنشر/ العراق

چاپی : دووەم ٢٠١٧

تیراژ : 500 دانە

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتی یەکاندا

ژمارە: (١٥٠٥) ی ساڵی ( 2012) ی پێدراوە

مافی چاپ بۆ نووسەر پارێزراوە

# پێشکەشە



ـ بە کوردیلە چاوگەشەکانی ئەمڕۆمان

کە هیوای داهاتووی کوردستانن

ـ بە دایکان و باوکان و مامۆستاکان

کە بە سۆز و خۆشەویستی بۆ کوردستان

کوردیلەکانمان گۆش و پەروەردە دەکەن

ـ بە دیلان و دانیار و مریەم و مینا و ئایە و

لیۆنا و مارکۆ و میلاس و ولیام و نالی

شوان

# سروودی من

کوردە گەلی قارەمانم
کوردستانە نیشتمانم
پێشمەرگەیە پاسەوانم
ئازادییە هیوای ژیانم

کوردستانم سۆمای چاوم
دڵ و هەناسە و هەناوم
هێزی گوڕی تین و تاوم
هۆگری تۆم هەتا ماوم

کوردســـــتانم بە یـــــەزدانم

هـەردەم وێـردی سەر زمانم

دروشم و بەڵێن و پەیمـــانم

کوردســـــتانم یا نەمـــــانم

کەرکوک : ١٩٧٠

# کەرکووکەکەم

مـن کوردێـــکی بچـــووکم
رەسەنــزادەی کەرکـــووکم

کەرکـــووکی کوردســــــتانم
زێـدی شـیرین و جــــــوانم

کەرکووکەکـــەم پێنـاســـەم

دڵ و خــوێن و هەنـاســــەم

بـــاوەگوڕگوڕ مەشــخەڵـــم
رووونـــاکی دیـــدە و دڵـــم

کەرکووک بێ تۆ هەڵنـــاکەم
هەرگیــز لە یـــادت نـــــاکەم

بە هـۆش و بـیر و هــێزم
کەرکـووک من دەتپارێــــزم

نەرویـج : ٢٠٠٠

# ڕۆڵەی کوردین

ڕۆڵەی کوردین دلێرین
هەردەم شێرتر لە شێرین

تێکۆشەرین دڵسۆزین

بۆ کوردستان بەسۆزین

شانازییە کە کوردین
قارەمانین نەبەردین

کوڕ و کچان شان بە شان
خەبات دەکەین بێوچان

بۆ رزگـــاری کوردســـــتان
بێباکــــــین لە دوژمــــــنان

خۆڕاگـــرین کۆڵ نـــــادەین
تا بە ئـــــــاواتمـان دەگەین

کەرکـوک :١٩٩٣

# ئاڵاکەمان

ئــــــاڵاکەی کوردســــــــتانم
ئـاڵای رەنـگین و جــــــوانم
بشەکـــــــێوە لـە ئاســـــــمان
خۆشـــــەویستر لە گــــــــیانم

ئـــــاڵای بـــەرز و پیـــــرۆزم
رەنگ سوور و سپی و سەوزم
رۆژەکــــــــەت ئــــــــــازادییە
هێـــــماشە بۆ نــــــــــەورۆزم

ئــــــاڵاکـەم رێـــــزت دەگـــرین
لە هـــــەر شـوێنێکدا بـــــژین
لە دڵـــــــــماندا شـــــــیرینی
بە تــــۆوەیە سەربــــــــەرزین

نەرویج : ٢٠٠٠

# دایـــــــكم

دایــه دایــەی شــــــیرینم
خــوایه مـەرگت نەبــــینم
دلۆڤــــان و دڵســــــۆزی
میهرەبــان و بەســـــۆزی
بە كـوردی گــۆشت كــردم
وەک گوڵ بە خێوت كــردم
دایــە تـۆ و كوردســــتانم
شــیرینـترن لە گـــــیانم
هەتــا لە دنیـــا مـــــاوم
چـاكەت وا لەبەر چـــاوم
ئەمـە ئەركە دایــە گـــیان
دڵســـۆزبم بۆ كوردســـتان

كەركـوك: ١٩٩٥

# پێنووســەکەم

پێنووســــــــه رەنگـــــینەکەم
ئەی هـــاوڕێ شیریــــــنەکەم

هەســـت و بـیر و هــــەوەسم
بە هــۆی تـۆوە دەنـــــووسم

پێت دەکـێشم وێـنەی جــــوان
شار و گـوند و مەڕ و شــوان

وێنەی پەپـــوولە و گوڵـــــزار
کارگــە و دوکـــان و بــــــازاڕ

وێنەی نــــێرگز و نـــــەورۆز
پێشـــمەرگەی ئــازا و دڵــسۆز

وێنەی شـــــاخ و دارســــتان
ئــاڵا و نەخــشەی کوردســــتان

یان نووسینی زۆر بە ســوود
پەخــشان و شیعر و ســروود

بـــــژی پێنــووس و تێنــووس
لە ژیــان نامانکەن مەئیــووس

نەرویــج : ٢٠٠٠

# کوردســــــتان

کوردســــتانمان بەهەشتە
شوێنی سەیـران و گەشتە

دەشت و دۆڵی رەنگـــینە
ئاسمانی روون و شـــینە

شــاخی بەرز و بەفـــرینە
ئـــاوی خــۆش و شـیرینە

بەهـــــــاری دڵـــڕفێنە
پڕ گوڵـــزاری بـــێ وێنە

هەمـــوو ئەم دیمەنـــانە
نەخشی دەستی یـــەزدانە

شوێنـێک نییە لە جــیهان
جـوانتربێت لە کوردستان

دیــارە هــەر کوردســتانە
شـــابووکی ئەم جـــیهانە

بـژی.. بـژی ..کوردســتان
نیشــتمانی پیــرۆزمـــان

کەرکـوک :١٩٩٣

# دنیای ئـــــێمە

دنیـــــای ئێمە شــــــیرینە
خەنـــدەیە و پێکــــــەنینە
بــەزم و رەزم و هــەرایە
گـــــۆرانی و هەڵپـــــەڕینە

دنیـــــای ئێــمە یـــــارییە
رقمـــــان لـە بێــــزارییە
کــــوڕ و کچــان پێـکەوە
کارمـــــان بە هـاوکــارییە

دنیـــای ئێـمه بـــــەرینه
بەهەشـتـێکی نەخشـــینه
خـەون و حـەز و هیـوایه
گوڵـــزارێکی رەنـــــگینه

ئێـمه هـەردەم گەشبیـنین
فریشتەی ئاشتی زەمیـنین

خۆشی و شادی دەنۆشین
دژی بوغـــــزان و قیـنین

ئەڵمانـیا :١٩٩٨

# دیـــــــدەوانین

دیـــــــــدەوانین ، دیـــــــــدەوانین
دیـــــــدەوانی کوردســـــــــــتانین
رۆڵەی کوردیـــــــن قارەمـــــانین
هیـــــــوای گــەل و نیشـــــــتمانین

خوشک و براین ، رێــــک و تەباین
بۆ یـــــارمەتی ، پشـــــــت و پەناین
هەردەم دۆستی ، راســتی و رەواین
دڵســـــــۆزین و ، جێــــگای بڕواین

کورد و کوردستـــــــان پەروەرین
تێکۆشـــــەرین ، کۆڵنـــــەدەرین
ئێمـە پێشـــــەنگ و رابـــــەرین
وەکو شێـرین ، هەڵمـەت بـــەرین

بە کـــــۆشش و خوێنـــــــدەواری
بە زانســــــت و بە زانیـــــــاری
بە یەکـــبوون و ، بە هاوکـــــاری
دەگـەین بە هیـــوا و بەختـــیاری

نەرویج :٢٠٠٢

# شاسواری پۆل

بابـــه بابـــه ، دایـه گیـــان
کاکـه هیـــــوا ، داده ڤیـــان

سەیری کـــارتەکەم بــــکەن
پیـــــــرۆزباییم لێبــــــکەن

گشت نمرەکــــــانم ـ دە ـ یە
تەنها ـ نــۆ ـ یەکم هــــەیە

بانـــگی کردم مامۆســــتام
خـــەڵاتێ جـــوانی پێـــدام

به شاسـوار نـاوی بـــــردم
زۆر ئـــــافـەرینی کـــــردم

منیش تـا جێـــی بـــڕوابم
هـــــەردەم دەبـێ ئـــــازابم

بڕیـــــــــــارم داوە دەبێـت
نـۆم نەمێنێت هەر ـ دە ـ بێـت

بە هــەوڵ و تێـــــکۆشـانم
دەگـەم بە هیـــوای ژیـــانم

کەرکـوک :١٩٧١

# مەتەڵ

مەتەڵەکەم ئاسانە
خۆشترین شوێنی جیهانە
لە هەشت پیتی تەواوە
بێ دووبارە کراوە
ناوی لەسەر زارمانە
پیرۆزە و نیشتمانە
شوێنی نەتەوەی کوردە
لانەی شێری نەبەردە

زیـــرەکی خۆت بنـــوێنە

چییە نــاوي ئـەم شــوێنە؟

هـاوارکە بۆ راوەســـــتان

ئــاوەدان بی کوردســـــتان

ئەڵمانـیا :١٩٩٨

# نەوەی دوارۆژین

ئێمە منـــــــــــدالّین وردین
نـــەوەی دوارۆژی کـوردین

پەروەردەی شــار و گـوندین
ژیــر و ئـــازا و نەبــەردین

ئێمە جـــوان و دڵپـــــاکین
چۆست و وریـا و بێبـــاکین

بەڵـێن راست و شیرپـــاکین
دڵسـۆزی گـەل و خـــــاکین

ئێمە هەردەم بێوەستان
بۆ رزگاری کوردستان

دەست دەخەینە نێو دەستان
بە یەکێتی و یەک هەستان

هیوای ئێمە شادییە
سەربەستی و ئازادییە

دادمان لە بێدادییە
لە ژینی نامرادییە

کەرکوک :١٩٩٥

# یاری

زۆر حەزمان لە یارییە
یاری خۆشی و شادییە

هەیاران و مەیاران
ببارێت لە کوردستان

هەی هەتەرێ و مەتەرێ
نەورۆزە وەرنە دەرێ

یاریی چاوشارکێ و راونان
بەزمی گورگ و مەڕ و شوان

کەڵەکێن و هەلووکێن
هەنگڵەشەلێ و خلیسکێن

بــــازبــــــازێن و ناوخــــــــەتێن
شـــــــەوان بەزمی کـــــــڵاوێن

یــــــاریی بووکــــانە بــــــووکێ
بــووک دێنـین لە کەرکـــووکێ

خــۆش و زۆرن ، بە ســــەدان
یــــــاریی رەســــــەنی کــوردان

کەرکـوک :١٩٩٣

# مامۆستا

مامۆستا گیان تا ماوم
چاکەت وا لەبەر چاوم

تۆی رابەری دڵسۆزمان
بەرەو هیوای پیرۆزمان

هانتداین کورد پەروەربین
دلێر و کۆڵنەدەربین

بۆ رزگاریی کوردستان
تێبکۆشین بێوچان

بە زانست و زانیاری
بە یەکبوون و هاوکاری

له پاڵ هێزی مەچەکمان
پێنووس بکەین بە چەکمان

مامۆستا تۆ شایانی
پاداشت و گوڵبارانی

بزانیت یا نەزانیت
مامۆستا لە دڵمانیت

کەرکوک :١٩٨٥

# نـــــەورۆز

شــــاجەژنی کـورد نـــەورۆزە
زۆر دێـــــــرین و پیـــــــرۆزە

جــەژنــی ئاشــتی و شــــــادییە
رزگـــــــاری و ئـــــــازادییە

هـەر کـوردی کە دڵــــــسۆزبێ
نـــــــەورۆزی لا پیـــــرۆزبێ

جـــــلی کـوردی لەبـــــــەرکا
ئاگـری نـــەورۆزیش هــەڵکا

لە دێهـــــات و لە شـــــاران
گشت شوێنێکی کوردســــتان

تەوقـە و گـەردن ئــــازادکەن

هەڵپەرکێ و ئاهەنـگ سازکەن

کەرکـوک :١٩٧٨

# ئارەزووم

ئارەزووی من ئەوەیە
نووسین و خوێندنەوەیە

هەفتەی جارێ یا دوو جار
لە کتێبخانەی گشتی شار

دەخوازم کتێبی ئاسان
چیرۆک و شیعر و پەخشان

کتێب بووە بە هاوڕێم
ناتوانم لێی دابڕێم

له گۆڤـــــاری منـــــــدالآن
دەنووســم بابــەتی جـــــوان

زۆربـــەی نووسینەکـــــــانم
دەربـــــارەی کوردســـــــتانم

ئەلْمانیا :١٩٩٩

# نێرگز

من نـــــێرگزم شای گـــولآنم
گوڵە هێــــــمای کوردســـتانم

بۆنــــم خۆشــە، بێوێـــــنەیە
وەکو دەرمـــان ســوود هــەیە

رەنگەکــــــــانم تێر و گەشن
بۆ دیـدە و دڵ، خۆشی بەخـشن

مـژدەی بەهـــــــارتان بۆ دێنم
دەشـت و کێوتــــــان دەڕازێنم

من دیاریی جـەژنی نـەورۆزم

لە کوردســــــــتان دا پیـرۆزم

مـــن و بەهـــار و نـــەورۆز

هەڵناکەین بۆ کـوردی دڵسـۆز

کەرکـوک :١٩٩٢

# ئاهەنگی قوتابخانە

ئاهـــــەنگی قوتابخــــــــــانەیە
بۆنەیـــــــــــەکی ســــــــاڵانەیە

کوڕ و کچانی شۆخ و شـەنگ
بە جـــلی کوردیی رەنگاوڕەنگ

زەمـــــاوەندە، هەڵپـــــــەڕکێیە
گــــــــۆرانییە، کێبـــــــــڕکێیە

چەپڵەڕێـــــــــزانە، قـاقــــــــایە
خۆشـی و شـــادی بێهـــــاوتایە

شانۆگـــــەری و پێشـــــانگایە

خۆشـترین رۆژی خوێندنـــگایە

ئـــــازادییە لە کوردســـــتان

رۆژی وەهـا جـەژنە لامـــــان

نەرویـج :٢٠٠٥

# شاخەکانمان

شاخەکـــــانی کوردســــــتان
پشت و پەنا و سەنگەرمـان

گـەردن کـەش و بەفـــــرینن
جـوان و رووخسار شـیرینن

پـڕ ئەشــکەوتی بـــــــەرینن
شوێنـــــەواری دێـــــــرینن

بۆ پێشمەرگـەی قـــارەمان
بوون بە سەنگەر و قەڵغان

به هــــاوین و به زســــــتان
پۆشـــــراون به دارســــــــتان

داگیـــــرکەری بێویـــــــــژدان
زۆر جار گڕی تێبــــــەردان

دوژمـن خەیـــــاڵی خـــــاوه
کورد دەمێنێ و هەر مــــاوه

شـاخ و کـورد و کوردستان
بوون به هێـمای تێکۆشــان

نەرویـج :١٩٩٩

# سەیران

هەموو ساڵێ بەهاران
ئێمەی کچان و کوڕان

دەچین بۆ گەشت و سەیران
بۆ ناو مێرگ و گوڵزاران

لەسەر سەوزە گیای نەرم
لەبەر هەتاوی گەرم

لە نزیک کانی و چەم
دادەنیشین بەبێ خەم

بەزم و رەزم و هـــــەرایە
دەنــگی تەپـڵ و زوڕنـــایە

تا ئارەقــــــمان لێـــدەتکێ
گــــــۆرانییە و هەڵـــپەڕکێ

بە نوکـتە و رازی شــــیرین
تـێروپــڕ پێــدەکــــــەنین

ئــاوەدان بیت کوردســــتان
پـڕ سەیرانــگا و گوڵســــتان

کەرکـوک :١٩٧٣

# باخچەکەمان

باخچەکەمان، رازاوەیە
پڕ لە خونچەی، گەشاوەیە

دادەکانن، باخچەوانن
لێو بە خەندەن، میهرەبانن

دادەکانمان، نەرم و نیانن
رێکوپێکن، هەموو جوانن

دلۆڤانن، زۆر بەسۆزن
فێرمان دەکەن، زۆر دڵسۆزن

بۆیـە ئێـمەش، دڵـــــمان شادە
بـــــژی باخــچە، بـــــژی دادە

کوردســـتانمان هــەر ئـــاوابێـت
ملێون خونچە و باخچەی تـیابێـت

کەرکـوک :١٩٩٥

# مـــــــن

من رۆڵـەی دەشـت و دەرم
رانـــک و چـــۆغە لەبەرم

بەرخـــــەوانی بەرخـــــەڵم
شـوانی دواڕۆژی گـــــەڵم

بێچـوە هەڵـۆی کوێسـتانم
بـەوری دەشـتی گەرمــیانم

تێکۆشــــــەرم بێبــــــاکم
دڵسـۆزی گـەل و خـــــاکم

بۆ کورد و کوردستانم
دەیبەخشم دڵ و گیانم

هیوادارم و گەشبینم
ئەو رۆژە هەر دەبینم

هەموو خاکی کوردستان
دەبێت بەیەک وەک جاران

بە هیوای خۆمان دەگەین
جاڕی دەوڵەتمان دەدەین

کەرکوک :١٩٩٣

# دیلان

دیلان.. دیلان ..دیلانە
سوور و سپی و چاو جوانە

دیلان کۆرپەی شیرینم
هیوای دواڕۆژی ژینم

نەگری گریانمان ناوێ
بۆمان پێکەنە تاوێ

تێر شیرت خوارد نۆشتبێ
بنوە خەوی خۆشتبێ

دیـــلان ســـاوای بێتـــاوان
ئاگــــــــادارتبێ یـــــەزدان

گەورەبووی وەک ( دیــلان ) بە
هۆگـــری شــیعری جــوان بە
تێبکــــــــۆشە بێـوچـــــان
بۆ رزگـــــاری کوردســــتان

تورکیا :١٩٩٦

# خانەقین

شارێـــکی کوردســـــــتانم
بووکی دەشتی گەرمــــــیانم

خانەقیــــــــنم دێـــــــرینم
شارێـــکی کوردنشــــــــینم

قەشـــــەنگ و دڵــــــڕفێنم
دڵــــــگیر و خەمــــــڕەوێنم

زێی ئەڵــوەند و ســــیروانم
سەرچـــــاوەی خۆشی ژیانم

کچانم شۆخ و شەنگن
کوڕانم زۆر چەلەنگن

چریکەی ئای ئای خوداداد
سەدای بەرزان و ئازاد

بەو بەو خانمە خاسەکەم
ناحەز رسوا و کاسەکەم

بژی شاری خانەقین
جێی خەبات و راپەڕین

ئەڵمانیا :١٩٩٩

# ڕۆژی جیهانی منداڵان

یــەکی شەشـــە جــــەژنەیە
جـــەژنی مــــافی ئێــمەیە

لە جیــــهان و کوردســــتان
بۆتــــە ڕۆژی منــــــداڵان

ڕۆژی خۆشـــی و شـــادییە
سەربەســـــتی و ئـــــازادییە

ئـەم ڕۆژەمــان پـــــیرۆزبێ
پڕ لە خەنـدە و لە سـۆزبێ

جلی جوانـــــمان پۆشـــیوه
دەموچـــــاومان نەخشـــیوه

دەچڕین سرووود و گۆرانی
شـــــایی دەکەین بە جوانی

نەرویج :٢٠٠٤

# بووکەڵەکەم

بووکەڵەکەم، بـووکە خـــان
ناوتـــم ناوە کوردســـــــتان

بـووکی جـوان و ڕەنـــگینم
ڕوومـەت ئـاڵی چـــاوشینم

ئەی بووکی شۆخ و شـەنگم
لـێو بە خـــەندەی قەشـەنگم

جلـــی کوردیت لێ جـــوانە
وەک بـووکی شاری بـــــانە

بووکی هێمن و نازدارم
منیش وەک تۆ سەلارم

بە بینینت دڵخۆشم
خۆشی و شادی دەنۆشم

هاوڕێکەی ناو ژوورەکەم
لایە لایەت بۆ دەکەم

لایە لایە بە کوردی
بۆ رزگاری و ئازادی

کەرکوک :١٩٩٢

# شـــاری یـــاری

زۆر خۆشه شــاری یـاری
بۆم باس ناکرێت به زاری

بابـهتهکــــــــانی زۆرن
تــازهن و جـۆرا و جۆرن

له جــهژنـان و پـشوودان
بۆنهکـــــانی کوردســتان

شـاری یـــاری پــڕ دهبێت
خۆشـیمان خۆشـتر دهبێت

لەم یــاری بۆ ئـەو یــاری
هەست ناکەین بە بێـزاری

تا خــەو کۆڵـمان پــێ دەدا
یـــــاری دەکــەین لە وێدا

سلێمـانی: ٢٠٠٠

# پێشمەرگەین

پێشـمەرگەی کوردسـتانین
نەڕەشـێری مەیـدانین

شۆڕشـگێڕین بەجەرگین
بۆ ئـازادی دەجەنگین

خۆڕاگرین کۆڵ نـادەین
هەموو ساتێ ئامـادەین

ناسـرەوین و ناتـرسین

هەردەم گیان لەسەردەستین

پشت و پەنا و سەنــگەرمان
شاخەکـــانی کوردســـــتان

لە جیـــهاندا نـاســـراوین
بە ئـــــازا نـاوبـــراوین

دۆژمن لێـــــــــمان تۆقیوە
زەبـــــــری ئێمەی بینیوە

چەکی ئێـمە بــــــــڕوایە
داواکـانـــــــــمان رەوایە

کەرکوک: ١٩٨٤

# شەهید لەیلا قاسم

لەیـــــلا قاســــمی قارەمـــــان
شەهیـــــدی کورد و کوردســـــتان

کوردپــەروەر بوو ، تێـکۆشەر بوو
چاونەتــــرس و ، کۆڵنـــــەدەر بوو

نە کۆت و کەلەپچـــــە و زینـــــدان
نە ترس و ئەشکەنجــە و لێـــــدان

شــێر ئاســـایی وەک پاڵـــــــەوان
وەســــــتا لە ڕووی داگیـــــرکەران

که بەرەو سێدارەشـــــیان بـــــرد
پڕ بە دەمی هـــــــــاواری کـــــرد

بــژی کورد، بــژی کوردســـــتان
مـــــــردن بۆ رەگەزپەرســـــتان

خوشکە لەیـــــــلا تۆ نەمردووی
لە دڵـــمانی و هـــەردەم زیندووی

تۆ سیمبولی کچـــــــــانی کوردی
رۆڵەی گەلێـــــکی نەبـــــەردی

لەیـــــلا قاســـــم ، تـۆ شـــایا
بە ســـەدان پەیکەری جـــــوانی

کەرکوک :١٩٧٥

# لاله نـــــەورۆز

**منــــــداڵان:**

بەخێــربێی لالـە نـــــــەورۆز
جــەژنی نـەورۆزت پیـــــرۆز
دیـــــاری چیت بۆ هێنـــاوین
ئێمەین هاوڕێی تۆی دڵـــسۆز

**لالـە نـەورۆز:**

منـــــــــداڵانی کوردســــــتان
ڕۆڵەی گەرمیان و کوێســـتان
دیـــــاری جـــــوان هێنـــــاوە
ریـــــزبن، دەیدەمە دەســــتان

## منـــــدالان:

لاله نـــــهورۆز، هـــهر بمێنی
مـژدەی شادیمـــــــان بۆ بێنی
سەری ساڵمـــــان پیــــرۆزکه
تۆوی ئاشــــــتی بچـــــێنی

## لاله نـهورۆز:

ئەم دوو بـــووکه شووشـــەیه
دیـاری خونچـــه و نوخشـــەیه
ئەم تـۆپ و ئەم کەمـــــــانه
دیــاری هیـــــوا رەنجـــــەیه

ئەم ورچۆڵـــه و ئەم ئاسـکه
دیـدەم به جـــوان و ناســکه
ئەم پێنـــووس و تێنـــووسه
بیـگرن شــڤان و تروســـــکه

## منـــــدالان:

لالــه وەره دەســـت بـــــگرین
تێــر و تەســـەل هەڵپـــــەڕین
هــەر هەمووومــــان پێــکەوه
ســرووودی نـــەورۆز بچــڕین

نـەورۆز، نـەورۆز، نـەورۆزه
جـــەژنی کــوردە پێـــــرۆزه
خۆشـترین مانـگی ئـەم وەرزه
دنیـــا رەنگـــین و ســــەوزه

کەرکـوک :١٩٩٥

# منداڵێکی دڵپاکم

منـــــــداڵـێکی دڵپـــــــاکم
گـورج و گـۆڵ و چـــــالاکم

هاوڕێی هەنگ و پەپوولەم
دێـــم و دەچـــــم لە جووڵەم

لێو بە خەنـــدەم رووخۆشم
خۆشـی و شــــادی دەنۆشم

هـەردەم پـــــاک و خـــاوێنم
وەک گوڵـم و گـوڵ دەڕوێنم

خوشک و بـرا و هـاوڕێیان
چاکەخـــوازم بۆ هـەمووان

دڵســـــۆزم بۆ نیشـــــتمان
خۆشـم دەوێی کوردســـــتان

نەرویـج :٢٠١٥

# پەپوولە و گوڵەباخ

لە بـــاخی گــوڵانی رەنـــگین
بـــاخی هەڵەبجـــەی شـــیرین

پەپـــــوولەیەکی نەخشـــــین
باڵەکـانی ســوور و شـــین

لەگـــەڵ گــــوڵەباخـــێکدا
بێـوێـــــنە لـە جوانـــــیدا

بەستـیان پەیمـــانی پـــیرۆز
بوون بە دوو هــاوڕێی دڵســۆز

دوو هــاوڕێی دڵــپاک و جــوان
به خــۆشی و شـــادی دەژیـــان

چــیرۆکــیان بــوو بە داســـــتان
بە گــــــۆرانی و بە حەیـــــــران

نەرویــج :٢٠١٥

# پەرتووك

پەرتـــــووكم لا پيـــــرۆزە
هــــــاوڕێيـەكی دڵســــۆزە

ســــوودی زۆر و زەبـەنـــدە
بێهـــــاوتايە دەگــــمەنـــدە

گوڵـــزارێـكە هەمــــەڕەنگ
پڕ لە گـــوڵی رەنـــگاوڕەنگ

پەرتووک جوانترين ديـــارييە
سەرچــــــاوەی زانيــــارييە

**مامۆســــــتایە لە مـــــاڵان**

**بۆ گـــەورە و بۆ منـــداڵان**

**پەرتووک زۆری پێ بەخشـیم**

**هیــوا و گەشــی و دڵخــۆشیم**

**نەرویـج :٢٠٠٩**

# خونچەگوڵێن

خونچــەگوڵێن، نــەرم و نیـــانین
پەریـــــزادەی، کوردســــتانین

سپی و سوورین، چــاو کــەژاڵین
شۆخ و شەنگین، رووومـەت ئاڵین

لـێو بە خەنــدەین، شــیرین رازین
زۆر نـــازدارین، زۆر بە نــازین

خۆشەویســتین، شــادی دۆستین
زۆر بەهەستین، جـوانی ویستین

سەرفـــــرازین، هـاونیـــــــازین
یەکڕێبـــــازین، ئـاشـــتیخوازین

تێکۆشـــــەرین، کۆڵنـــــــەدەرین
کوردســــــتانین، کوردپـــەروەرین

سوید : ٢٠١٠

# چۆلەکە

ئـەی چــۆلەکە، ئـەی چــۆلەکە
ئـەی چــۆلەکە، بچـکـــــۆلەکە

بفــڕە ..بفــڕە ..بـە ئاســـــمانا
بە ئـاســـمانی کوردســــــــتانا

ئـەی چــــۆلەکە، بجـــــــریوێنە
جــریوە جــریوت خەمــــڕەوێنە

کە ڕۆژ هەڵــهات هەڵمانســـێنە
بە جــووکە جــووک بمانـــدوێنە

ئـەی چــۆلەکە، من هـــــاوڕێتم
دڵنـــیابە لــێم، پاکـە نـــــــێتم

من ناحـــــــــــەزی راو و داوم
دۆســتی مەلـــم هـــەتا مـــاوم

نەرویـج :٢٠١٠

# دێیەکەمان

دێیەکەمان ڕەنگینە
زۆر خۆش و زۆر زەنگینە

چەم و باخی بەرینە
کانی و ئاوی شیرینە

دێیەکەمان قەشەنگە
بووکێکی شۆخ و شەنگە

پڕ لە گوڵە و لە پونگە
جێی سەیران و ئاهەنگە

خەڵکی دێمان دڵخۆشن
هەموو جوان و تەڕپۆشن

لێو بە خەنــدەن رووخـــۆشن
دڵســـــــۆزن تێـــدەكـــۆشن

دێیەكەمـــــان خۆشـــــدەوێ
بۆ ئـەو دڵمـــان ناحـــــەوێ

هیـــــوادارین پێشــــــكەوێ
جــوان و جوانتر دەركـــــەوێ

كەركوك :١٩٧٣

# کوردستانین

منداڵانی کوردستانین
رۆڵەی گەرمیان و کوێستانین
گوندنشین و شارستانین
جوانین شەمامەی بێستانین

کوردستانمان خۆشدەوێ
هیوادارین کە پێشکەوێ
ناوی لە ناوان دەرکەوێ
ناحەزانمان کۆستیان کەوێ

ئێمە گەشـــبین و بە هۆشـــین
بێوچـــــان تێــــدەکۆشـــین
بۆ کوردســـتان بە پەرۆشـــین
هۆگــری ئـــازادی و خۆشـــین

نەرویـج: ٢٠٠٩

# وەرزەکانین

**زستانم:**

من زستانم، زستانم
وەرزی بەفر و بارانم
زەویوزار پاراودەکەم
دەخڵ و گیا و گوڵ شیندەکەم

**بەهارم:**

من بەهارم، بەهارم
وەرزی گوڵ و گوڵزارم
شاوەرزی کوردستانم
وەرزی گەشت و سەیرانم

هـــاوینم:

مـن هـــــاوینم، هــــــاوینم

ئاسـمان بێـگەرد و شــــینم

وەرزی بــــاخ و بێســـــتانم

خۆشـــەویستی هەمـــووانم

پایـــزم:

مـن پایـــــزم، پایـــــــزم

خۆشەویست و ئازیـــــــزم

وەرزی جووت و کـــــێڵانم

رەنگ زێریــــــنم جوانـــــم

وەرزەکـان:

ئێـمە چـوار وەرزەی ســاڵین

خوشـک و بـرا و هەڤـــاڵین

کــەش و هــەوا دەگـــۆڕین

تەواکـــــــــەری یەکـــــترین

نەرویج: ٢٠٠٩

# ئامۆژگاری مامۆستا

منـــــــــــدالآنی کوردســـــــــــتان
گوێـم لێـبگرن ورد و جـــــــــــوان

لەگـەڵ یەکـــــــــتری تەبـــــــــابن
هــاوڕی و خوشــک و بــــــــــرابن

هــەردەم گــەش و گەشـــــــبین بن
زمـــان خــۆش و شـــــــیرین بن

ئێـوەی کـــــــــوڕان و کچـــــــــان
تێبـــــــــــــکۆشن بێوچـــــــــــان

دڵســــــــۆزبن بۆ نیشــــــــــتمان
کوردســـــــتانی پیرۆزمــــــــــان

بخــــــــوێنن و بنووســـــــــــن
نەتـــان زانــــــی بـپرســـــــــن

ئێوە هیــــــوای داهاتـــــــــوون
ئەگەر یەکبن سـەرکەوتـــــــــوون

بە کـــــۆشش و بە خەبــــــــات
دەگـەن بە هیـــــوا و ئــــــــاوات

نەرویـج: ٢٠٠٢

# گۆڵستان

گوڵان هێمای بەهارن
رەنگاوڕەگ و بۆندارن

کوردستانە گوڵستان
نەک هۆڵەندا و هیندستان

نێرگزمان شای گوڵانە
جوانترین گوڵی جیهانە

ئێمە گوڵپارێزەرین
منداڵین گوڵپەروەرین

هەمیـــشە گــوڵ دەڕوێنـــــــین
هەرگـــیز گــوڵ نـاوەرێنـــــــین

گـــوڵ و پەپـــووله و منـــــاڵ
بـوون بە دۆســـت و بە هەڤـــــاڵ

سوید: ٢٠٠٩

# قوتابخانە کرایەوە

مژدە.. مژدە.. هاوڕێکانم
هاوڕێ خۆشەویستەکانم
قوتابخانە کرایەوە
هیوای نوێمان گەشایەوە
لە پۆلێکی بەرزترین
ئەمساڵ لە پار مەزنترین
زۆر رووخۆشین زۆر دڵخۆشین
شیلەی زانیاری دەنۆشین

ئـــازا و ژيـــرين زۆر هۆشـــــيارين
پڕوابـــــــــەرزين هيـــــــــوادارين

بە كـــــۆشش و بە نەســــــــرەوتن
دڵنـــــــــيادەبين لە ســــــــەركەوتن

نەرويـج: ٢٠١٥

# باوەگوڕگوڕ

باوەگوڕگوڕ، باوەگوڕگوڕ
هاتین بۆ لات بڕ بڕ بە گوڕ

باوەگوڕگوڕ تۆ پیرۆزی
گڕی هەمیشەی نەورۆزی

باوەگوڕگوڕ، هەر بە گوڕی
ژوانمرازی کچ و کوڕی

باوەگوڕگوڕ، گەش و جوانیت
مەشخەڵێکی کوردستانیت

باوەگـــوڕگوڕ، نـــەوت خـوڕخـوڕ
گـــازت گـڕگـر، بـە نـــــرخی دوڕ

باوەگـــــوڕگوڕ، تا کـــورد مـــابیت
گـــڕ و گڵـــپەت خامـــۆش نـــابێت

کەرکـوک: ١٩٩٥

# چیای قەندیلم

چیای قەندیلی سەربەرزم
خۆڕاگرم نابەزم

چیایەکی کوردستانم
بەهەشتێکی کوێستانم

قەڵای شۆڕشگێڕانم
شێرە کچان و کوڕانم

سەنگەرێکی ئازادیم
ئاواتەخوازی شادیم

داگیرکەران دەمناسن
بەهێزترم لە ئاسن

ئەردۆگانی گێلەپیاو
رەگەزپەرستی بەدناو

بەسە ئەی داگیرکەران
بۆردوومان و تۆپباران

قەندیلم لەبن نایەم
رەقترین چیای ئەم دونیایەم

نەرویج: ٢٠١٦

# پەپـــوولە

پەپ، پەپ.. پەپ، پەپ.. پەپـــوولە
نـــــەرم و نیـــــان و درێـــــژوولە

رەنگـــــین و بـــاڵ نەخشـــــشینی
ئێسک ســـووک و شــــــــــیرینی

پەپـــــوولەی جـــوان و بـــــێوەی
هۆگـــری ئەم دەشـــــت و کـــــێوەی

لە بەفــــــر و بــــــا بــــــــێزاری
شەیـــدای و گـــوڵ و گوڵــــــزاری

پەپـــــووولانـی نـــاو گـــــوڵان
هـــــاوڕێیانی منـــــــداڵان

ئێـــمەش هـــەردەم گوڵـــدۆستین
ژیـــــر و چـــــالاک و چـــۆستین

ئـــــــازادن لە کوردســـــــــتان
بچـــنە نـــاو بـــاخ و بێســـــــتان

وەرن.. وەرن.. یـــــاری کـــەین
یـــــاریی و کـــــوردەواری کـــەین

سوید: ٢٠١٠

**رؤى للطباعة والنشر**

E:alnator2000@yahoo.com

Mob:07705050059





## رەزا شوان

لە ساڵی ( ١٩٤٦) لە دێی ( گۆگجە ) لە ناوچەی ( شوان ) ی سەر بە پارێزگای ( کەرکوک ) لە دایکبووە.

- لە ساڵی ( ١٩٦٩تا ١٩٩٥) لە کەرکوک مامۆستا بووە .. لە ساڵی (٢٠٠٠ - ٢٠٠٢) لە شاری ( بیرگن - نەرویج ) مامۆستای ( زمانی دایک - کوردی ) بووە.
- لە ساڵی (٢٠٠٦) لە نەرویج ( کۆمەڵەی منداڵانی کورد) ی دامەزراندووە.

ROAAPOBLISHER@YAHOO.COM

2017